بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿1﴾

ئەی پێغەمبەر تۆ بۆچی شتێك لە خۆت حەرام دەکەیت کە خوا بۆی حەڵاڵ کردوویت.

دەتەوێت بەو کارە هاوسەرەکانت ڕازیی بکەیت...!! لە کاتێکدا کە خوا لێخۆشبوو میهرەبانە.

قَدْ فَرَضَ اللَّهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَانِكُمْ وَاللَّهُ مَوْلَاكُمْ وَهُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ ﴿2﴾

بێگومان خوا هەڵوەشاندنەوەی سوێندەکانتی بۆ ئاسان کردوون (بەوەی کەفارەتی بدەن، ئەگەر سوێندەکە ناڕەوا بوو)، (چونکە ئەو) خوایە پشتیوان و یارمەتی دەرتانە، وە ئەو زاتێکی زاناو دانایە.

وَإِذْ أَسَرَّ النَّبِيُّ إِلَى بَعْضِ أَزْوَاجِهِ حَدِيثًا فَلَمَّا نَبَّأَتْ بِهِ وَأَظْهَرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ عَرَّفَ بَعْضَهُ
وَأَعْرَضَ عَن بَعْضٍ فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِ قَالَتْ مَنْ أَنبَأَكَ هَذَا قَالَ نَبَّأَنِيَ الْعَلِيمُ الْخَبِيرُ ﴿3﴾

کاتێك پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم قسەیەکی نهێنی لای هەندێك لە خێزانەکانی درکاند (کە ئەویش دایکە حفصە بوو، ئەویش گەیاندی بە دایکە عائشە) خوایش پێغەمبەری ئاگادار کرد لە ڕازو نیازیان و باسی هەندێك لە ڕازەکەی کردو باسی هەندێکی نەکرد، (کە پێغەمبەر گلەیی لە دایکە حفصە کرد، دەربارەی درکاندنی نهێنیەکە) حفصە وتی: کێ ئەم هەواڵەی پێ گەیاندیت؟ پێغەمبەر وتی: خوای زاناو ئاگا منی ئاگادار کرد، (ئەم چەند ئایەتە دەربارەی ڕووداوێکی تایبەتە لە ژیانی پێغەمبەردا صلی الله علیە وسلم).

إِن تَتُوبَا إِلَى اللَّهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا وَإِن تَظَاهَرَا عَلَيْهِ فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ مَوْلَاهُ وَجِبْرِيلُ وَصَالِحُ
الْمُؤْمِنِينَ وَالْمَلَائِكَةُ بَعْدَ ذَلِكَ ظَهِيرٌ ﴿4﴾

(بۆیه خوای گەوره پێیان دەفەرموێت:) ئەگەر داوای تەوبەو پەشیمانی لە خوا بکەن، ئەوە باشە، چونکە دڵەکانتان لە خشتە چووبوو، خۆ ئەگەر هەر بتانەوێت ئازاری پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بدەن، ئەوە چاک بزانن کە خوا خۆی پشتیوانیەتی، هەروەها جوبرەئیل و ئیمانداره چاکەکان، فریشتەکانیش لەوەودوا هەر پشتیوانن.

عَسَى رَبُّهُ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُ أَزْوَاجًا خَيْرًا مِّنكُنَّ مُسْلِمَاتٍ مُّؤْمِنَاتٍ قَانِتَاتٍ تَائِبَاتٍ
عَابِدَاتٍ سَائِحَاتٍ ثَيِّبَاتٍ وَأَبْكَارًا ﴿5﴾

خۆ ئەگەر پەروەردگاری بڕیاری تەڵاقدانتان بدات، ئەوە هاوسەرانی لە ئێوە چاکتری پێ دەبەخشێت، موسوڵمان و باوەڕ دار، ملکەچی پەروەردگار، زوو لە هەڵە پەشیمان، خوا پەرست و دیندار، ڕۆژووەوان، یان بیرو هۆشیان لە کاردایە سەرنجی دروستکراوانی خوا دەدەن، هەروەها ئەو ئافرەتانە هەیانە بێوەن و هەیانە کچن.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلَائِكَةٌ
غِلَاظٌ شِدَادٌ لَا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ﴿6﴾

ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە خۆتان و کەس و کارتان بپارێزن لە ئاگرێك کە سوتەمەنیەکەی خەڵکی و بەردە، سەرپەرشتیاری ئەو دۆزەخ و ئاگرە، جۆره فریشتەیەکن کە زۆر دڵڕەق و توندو تیژن، نافەرمانی خوا ناکەن لە هیچ شتێکدا کە فەرمانیان پیا بدات، وە هەرچی فەرمانێکیان پیا بدرێت ئەنجامی دەدەن.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ كَفَرُوا لَا تَعْتَذِرُوا الْيَوْمَ إِنَّمَا تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿7﴾

ئەی ئەوانەی کە بێ باوەڕن ئەمڕۆ هیچ پاکانەیەك مەکەن، چونکە ئێوە تەنها پاداشتی ئەو کارو کردەوانەتان دەدرێتەوە کە ئەنجامتان دەدا.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا تُوبُوا إِلَى اللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا عَسَى رَبُّكُمْ أَن يُكَفِّرَ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَيُدْخِلَكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ يَوْمَ لَا يُخْزِي اللَّهُ النَّبِيَّ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ نُورُهُمْ يَسْعَى بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَانِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَتْمِمْ لَنَا نُورَنَا وَاغْفِرْ لَنَا إِنَّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿8﴾

ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە ، ئەوە بە تەوبەو پەشیمانیەکی ڕاست و دروستەوە ڕووبکەنە خوا، بەڵکو پەروەردگارتان لە هەڵەو گوناهەکانتان خۆش ببێت، وە بتانخاتە باخاتی بەهەشتەوە کە جۆگەو رووبار بە ژێر درەخت و کۆشکەکانیدا دەڕوات، ڕۆژێك دێت کە خوا پێگەمبەرو ئەوانەی کە لە خزمەتیدان خەجاڵەت و شەرمەزار ناکات، نوورو ڕووناکیان دەدرەوشێتەوە لە بەردەم و لای ڕاستیانەوە، وە دەڵێن: پەروەردگارا ئەم نوورو رووناکیەمان بۆ بەردەوام و تەواو بکە و دڵمان خۆش ببە، بەڕاستی تۆ دەسەڵاتت بەسەر هەموو شتێکدا هیە.

يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ جَاهِدِ الْكُفَّارَ وَالْمُنَافِقِينَ وَاغْلُظْ عَلَيْهِمْ وَمَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ ﴿9﴾

ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کۆشش بکەو جیهاد بکە دژی کافرو دووڕووەکان، وە توندو تیژ بە لەسەریان، ئەوانە شوێنەواریان دۆزەخە کە ناخۆشترین سەرئەنجامە.

ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ كَفَرُوا اِمْرَأَةَ نُوحٍ وَاِمْرَأَةَ لُوطٍ كَانَتَا تَحْتَ عَبْدَيْنِ مِنْ عِبَادِنَا صَالِحَيْنِ فَخَانَتَاهُمَا فَلَمْ يُغْنِيَا عَنْهُمَا مِنَ اللَّهِ شَيْئًا وَقِيلَ ادْخُلَا النَّارَ مَعَ الدَّاخِلِينَ ﴿10﴾

خوا نمونە دەهێنێتەوە بەوانەی کە کافرو بێ باوەڕ بوون: بە هاوسەری نوح و هاوسەری لوط، ئەو دوو ئافرەتە هاوسەری دوو بەندەی چاک و پاکی ئێمە بوون، کەچی خیانەتیان لێ کردن (باوەڕیان پێیان نەبوو، غەیبەتیان دەکردن، گاڵتەیان پێ دەکردن...)، ئیتر ئەو پێغەمبەرانە فریای هاوسەرەکانیان نەکەوتن، (لە قیامەتدا) پێیان دەوترێت: بچنە ناو ئاگری دۆزەخەوە لەگەڵ ئەوانەدا کە دەچنە ناوی.

وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ آمَنُوا امْرَأَةَ فِرْعَوْنَ إِذْ قَالَتْ رَبِّ ابْنِ لِي عِندَكَ بَيْتًا فِي الْجَنَّةِ
وَنَجِّنِي مِن فِرْعَوْنَ وَعَمَلِهِ وَنَجِّنِي مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ ﴿11﴾

هەروەها خوا نمونە دەهێنێتەوە بەوانەی کە باوەڕدارن بە هاوسەرەکەی فیرعەون، کاتێك کە وتی: پەروەردگارا لای خۆت لە بەهەشتداماڵێکم بۆ دروست بکە (تا بەردەوام بە دیدارت شاد بم) وە لەدەست فیرعەون و کاروکردەوەی ڕزگارم بکە، وە لە دەست قەومی ستەمکار دەربازم بکە.

وَمَرْيَمَ ابْنَتَ عِمْرَانَ الَّتِي أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا فَنَفَخْنَا فِيهِ مِن رُّوحِنَا وَصَدَّقَتْ بِكَلِمَاتِ رَبِّهَا
وَكُتُبِهِ وَكَانَتْ مِنَ الْقَانِتِينَ ﴿12﴾

هەروەها مەریەمی کچی عیمرانیش کە داوێنی خۆی بە پاکی ڕاگرت، ئێمەش لەو ڕۆحەی کە بەدەستمانە، فوومان پیا کرد، ئەویش باوەڕی تەواوی هەبوو بە گوفتارو فەرمانەکانی پەروەردگاری، وە هەمیشەو بەردەوام ملکەچ و فەرمانبەردار و خواناس و نزاکار بوو.